

## قسەی گەورەو

# شاری وێرانی دەستەڵاتی کوردی!

جەوهەر میراودەلی- ڤیەننا

بەهاری ساڵی پار لەگەڵ دۆستێکی نەمساویم کە کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوە مرۆییەکانی نەمسایە بەیەکەوە لە سیمینارێک بەشداربووین کە کۆنسوڵخانەی دووبەی لە شاری ڤیەننا بۆ ناساندن و هەڵسەنگاندنی باری گەشتوگوزاری و فەرهەنگی وڵاتەکەیان ئامادەیان کردبوو. دوای تەواوبوونی سیمینارەکە کە تیایدا کۆمەڵێ فیلم وبەڵگەی دیکۆمێنتی لەسە لایەنی پێشکەوتنی ژیان و خزمەتگوزاری و گەشتەوانی بە ڕوونکردنەوەوە پیشان دران، ئیتر دۆستەکەم بڕیاری دا پشووی هاوینی ساڵ لە دووبەی بەسەر بەرێ .

ئێمەی کوردی تاراوگەی دوورە وڵات ئەگەر هەلێکمان بۆ هەڵبکەوێ جگە لەگەشتکردن بۆ وڵات و گەڕانەوە بۆ باوەشی گەرمی نیشتمانی دایک بیر لە شوێن و شتێکی دیکە ناکەینەوە . هاوین هات و دۆستەکەم بۆ دووبەی و منیش بۆ دووبەکەی خۆم سەفەرمان کرد

من دوو مانگم لەناو خەمخانەکانی نیشتماندا بەسەر برد، دۆستەکەشم مانگێک لە گەشتیارخانەی دووبەی گوزەراندی. لە دوای گەڕانەوەم "هانس"ی دۆستم بۆ ماڵەکەی دەعوەتی کردم، سەربردەی گەشتەکەی گێڕایەوە، ئەو وێنەو فیلمانەی پێشاندام کە لە سەفەرکەیدا هێنابوویەوە . هانس ئەوەندە بە تامەزرۆوە باسی جوانی و لایەنی پێشکەوتنی ژیان دووبەی دەکرد، ئەگەر خۆی لە دایک بووی شاری جوانی ڤیەننا نەبوایە کە ئەوروپییەکان بە بووکی ئەوروپا ناوی دەبەن، باوەڕت پێنەدەکرد و بە دووبەییت دەزانی . دۆستەکەم دەیگوت : ئێوەی خەڵکی ئەو هەرێمە نەوتاویە بە تەنیا سوود لە نەوت وەناگرن، بەڵکو دەستکەوتی گەشتوگوزاریش دێتە سەر. پاشان داوای لەمن کرد کە سەربردەو دیکۆمێنتەکانی گەشتە دوو مانگیەکەی خۆمی لە دەرفەتێکدا پێشان بدەم. ڕاستیەکەی من نەمدەزانی لە کوێ دەست پێبکەم و کام وێنەی پێشان بدەم!! خۆ ناکرێ باسی گەندەڵی و کولتوری کلاسیکی سەرانی دەستەڵاتی بۆ بکەم، یا وێنەی کاولە ڕووخاوو وێرانکراوەکانی هەڵەبجەو قەلادزێی پیشان بدەم کە تا ئێستا نۆژەن نەکراوەنەتەوە، یا قسە و بەڵێنی هەژدەر بە هەژدەری بەرپرسە مشەخۆرەکانی بۆ بگێڕمەوە! کە ڕۆژانە لە تەلەفزیۆن و گۆشەی میدیاکاندا خەڵکی سادەی پێدەخەڵەتێنن، خۆ نەشدەکرا سەبارەت بە خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی چەند هەزاری خەڵکی کوردستان بدوێم کە لەشارەکانی کوردستاندا دژی گەندەڵچی و فایلدارەکان ئەنجامی دەدەن و بە هێز وەڵامیان دەدرێتەوە . خۆ نەدەکرا باسی دووکانەکانی حزبایەتی و قەڵەمەکانی دەربارو دامودزگاکانی دیکەو کۆشک و تەلاری بە زوڵم و دزی هەڵچنراوی کاسەلێسانی بۆ بکەم . نەدەکرا دیاردەکانی کوشتن و ئەتک کردنی ژنان و منداڵە نا باڵغ و دەست فرۆشەکانی سەر شەقامەکانی بۆ ڕوون بکەمەوە و بلێم : ئێمە دوای دەیان ساڵ زوڵم و زۆری و چەوسانەوەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە سایەی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان و هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی ئەوە ماوەی شازدە ساڵە ئازادین، کەچی کەسانێک دەستیان بەسەر هەموو شتێکی نیشتمانەکەمان داگرتووە، ئەوەی ئەوان نەیکەن، نابێ. ئەوەی ئەوان نەیلێن، نابێ بگوترێن. ئەوەی ئەوان نەیانەوێ، نابێ بمێنێ.

پێشتر بۆم باسکردبوو کە ئێمە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆمان، بە زوڵم و زۆرەکی کاتی خۆی بە عێراق لکێنراوین، بە زۆر کراوین بەعێراقی!! بە درێژایی عێراقیبوونیشمان هەمیشە هاوڵاتی پلە سفر بووین، نەدەکرا پێی بڵێم کە ئێستا زۆرینەی عێراقیەکان سەرباری لێقەوماویشیانەوە هەر بەچاوی جاران سەیرمان دەکەن، کەچی دەستەڵاتدارانی کوردستان خۆیان لە عێراقی بە عێراقی تر دەزانن، ئەنفال و جینۆساید و کەرکوکیان پشت گوێ خستووەو شاننزمی بۆ بەعسیزمەکان دەکەن .

لەسەفەری ئەو دوومانگەی کوردستانەکەمدا زۆر چیرۆکی چەند بارەبووەوەی کارەساتاوی و پڕ لە غەمی گەلەکەم بیستبوو، زۆر وێنەم لە ژیانی خەڵک و دەستەڵات بینی بوو کە پێیانەوە ویژدانم بریندار ببوون، دەرخستن و پێشاندانیان بە دۆستانمان تەنیا شەرمەزارییان بە دواوە دەبوو، نەدەبوایە پێشانی بدەم.

خەریکە ساڵێک بەسەر ئەو دیدارەمان تێپەڕ دەبێ، دوێنێ دۆستەکەم بینیەوە، پێیگوتم: بەڕاست تۆ باسی سەفەرەکەی کوردستانت بۆ نەکردم! هیچیشت پێشان نەدام! وا خەریکە دووەمین سەفەرمان دەست پێدەکەینەوە!

ئەوجارەشیان ناچاربووم بۆئەوەی ڕووی دزێوی گەندەڵی وڵاتەکەم پێشان نەدەم، خۆم لە باسوخواسەکان ببوێرم و باسێکی دیکە بوروژێنم .

# دەوڵەت، نەتەوە

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی هەفتەم



### ٢- چەمکی سیستەمی سیاسی

چەمکی سیستەمی سیاسی (politi cal system)، ڕێبازێکی نوێیە لە ناسینی دیاردەی سیاسی و نەتەنیا دامەزراوە سیاسیە فەرمییەکان بەڵکو هەموو جۆری چالاکیە سیاسیەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەبەر. سیستەمی سیاسی بەشێک لە سیستەمی گشتیەو پیشاندەری پەیوەندیە دەونیەکانی پاژە جۆراوجۆرەکانی ئەم سیستەمەیە. چەمکی سیستەمی سیاسی و بیردۆزی سیستەمی سیاسی لەم ساڵەنەی دوایدا گەشیە کردوە. لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵایەتی، چەمکی سیستەم یەکەمین جار لە (خەڵک ناسی) بەکار براو. لە زانستی سیاسی، ئیستۆن (davrd Easton) و ئاڵمۆند لە گەشپێدانی بیردۆزی سیاسیدا ڕۆڵی بەرجەستەیان بینیوە.

A- مانای سیستەم

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ سیستەم کراوە، وەک (کۆی ڕەگەزە خاوەن کردارو پەرچەکردارەکانە)، ( کۆمەڵەی ئامانجەکان و پێوەندی نێوان ئامانجەکان و تایبەتمەندیەکانی ئەو ئامانجە) و ( پێکهێنانی گشتی کە لەپاژی زۆر پێکهاتووە_ کۆمەڵی لە سیفاتی تایبەت). دال سیستەمی وەها پێناسە کردوە: (هەر کۆمەڵی لە ڕەگەزەکان کە بتوانن بەشێوازێ بەتێکەڵاوی لەگەڵ یەکتردا کاربکەن دەتوانرێ بەشێوی یەک سیستەم ببینرێ. کە شکەشانەکان، تیپەکانی تۆپی پێ، هێزی یاسا دارێژو حزبە سیاسیەکان هەر یەکێکیان سیستەمێکن) ئەم پێناسانە بەپێی بنەمای ئەم ئەدێشانەیە کە سیستەم، دەستەیەک لەئامانجەکان یان ئەو ڕەگەزانەی کە لەهەندێ پەیوەندی دیاری کراو کەکردار و پەرچەکرداریان هەیە بەپێی ڕەوتە دیاری کراوە تایبەتیەکان. واتە دەستەواژەی سیستەم پەیوەندیە بەنموونە بووەکانی نێوان بەش دروستکراوەکانی یەک پێکهاتە کەلەسەر پەیوندیە کرداریەکان سازدراوە و ئەم بەشانە چالاک بکات و یەکێتی پێ ببەخشی دەگەیەنێ.

تایبەتمەندیە بنەماییەکانی یەک سیستەم بەم جۆرەن:

١- سیستەم لەبەشی جیاواز پێکهاتووە کە بەهاوکاری دەی هێننەکایەوە. سیستە چەمکی تاکانە خوازی نیە.

٢- سیستەم، تەنیا کۆبونی بەشەکان نیە، بەڵکو دەبێ ئەو بەشانە بەشێوەیەکی پۆراو ڕێک بخرێت. پێویستە لەنێوان ئەو بەشانەدا پەیوەندی ڕێک و پێک هەبێت.

٣- دەبێ پۆڕیاگی و تەکوزی ئەم بەشانە یەک نموونە (الگو) بێنێتەکایەوە. دەبێ بەشەکانی یەک کاتژمێر بەجۆرێ ڕێکبخرێت کە بەدیهێنەری نموونە یەک بێت کەئەویش کاتژمێری پێ دەڵێن.

٤- لەنێوان بەشەکانی سیستەمدا پەیوەندی بنەمایی هەیە. هەر بەشێ ئەرکێکی تایبەتی بۆ جێبەجێ کردن هەیە. سیستەم لەگەڵ بەش و بەشیش لەگەڵ سیستەمدا پەیوەندی هەیە.

٥- هەموو بەشەکان بەگشتی یەک یەکە پێک دێنن، ئەگەر چی هەر بەشێ ئەرکی جیاوازی هەیە، بەڵام لەڕووی ڕادەی کارکردنەوە بەشێوەیەک لەگەڵ بەشەکانیتردا پێوەندی هەیە کە یەکەیەکی تازە دەخولقێنن... کەم و کووری لەهەر بەشێکدا ڕەنگە کاریگەری لەسەر سیستەم هەبێت.

سیستەم دوو جۆرە: سروشتی، بوونە مرۆڤ (پەروەردەکردن) سیستەمی سروشتی سروشت خولقاندویەو لەدەرەوەی ویستی و ئیرادەی مرۆڤەوە سەر بەخۆیە. سسیستەمی سروشتی دوو جۆرە: نائەندامی ، ئەندامی (عضوی). سیستەمی سروشتی نائەندامی تایبەتە بە مادە سفت وو سەختە بێ گیانەکان وەک گەردون یان خۆرو ئەستێرەکانی. سیستەمی ئەندامی (عضوی)بە زیندەوەران دەگوترێ وەک مرۆڤ و گیاکان. ڕووەک

سسیستەمی بوونە مرۆڤ مرۆڤەکانی بەدی هێناوە و ڕەنگە بەچوار شێوە دەرکەوێ: ١- سیستەمی میکانیکی ٢- سیستەمی کەسیەتی ٣- سیستەمی فەرهەنگی ٤- سییستەمی کۆمەڵایەتی. سیستەمی سیاسی، وردە سیستەمی کۆڵایەتیە.

B- مانای سیستەمی سیاسی

ماکس وێبەر سیستەمی سیاسی بەم جۆرە پێناسە کردووە:

(کۆمەڵەی مرۆیی کە داوا داری قورغ کردنی بەکار هێنانی هێزی جەستەیی ڕەوایان لەنێو سەر زەمینێکی دیاری کراودا هەیە.) بەڵام (ئاڵموند) ئەم پێناسەیە بە نەشیاو دەزانێ و دەڵێ چونکە وا دێتە بەرچاو کە ئەمە پێناسەیەک بێت بۆ دەوڵەت تاکوو پێناسەی سیستەمی سیاسی. ئەو هەر وەها پێناسەکانی (ماریۆن لیڤی)، (لاسوڵ)و (کاپلان)ی تاوتوێ کردوە، ئەو پێناسانەی بەپان و بەرین وەلا زانیوەو بەرسڤی داوەتەوە. پێناسەی (ئیستۆن) بۆ سیستەمی سیاسی ئەمەیە: (سیستەمێکە لەکردار و پەرچەکرداری هەر کۆمەڵگەیەک کە بەو هۆیەوە دابەشکردنی پابەند بوونەکان یان ڕەواییەکان بەدی دێ و جێبەجێ دەکرێ.) پێناسەی (ئیستۆن) بۆ سیستەمی سیاسی سێ بەشی بناغەیی هەیە:

١- دابەشکردنی بەهاکان بەهۆی ئامرازە سیاسیەکانەوە، ٢- دابەشکرنی دەسەڵاتی ڕەوا ٣- گرنگی ززۆری دابەشکردنی دەسەڵاتی ڕەوا. ئەم بەشە پێکهێنەرانە سیستەمی سیاسی لە سیستەمەکانیتر جودا دەکاتەوە. سیستەمی سیاسی هەڵسان بەکارەکانی کەسانی دێنێتە ئاراوە کە لەژیانی گشتیدا بەشداری دەکەن و پەیوەندیان بەم یان ئەو شێوە بەنووسین یان جێبەجێ کردنی سیاسەتەوە هەیە. تێگەیشتنی (ئیستۆن) لەسیستەمی سیاسی ریشەیی و گشتگیرە. سیستەمی سسیاسی، وردە سیستەمی کۆمەڵایەتیە. تەنانەت لە سیستەمی سیاسیشدا ژمارەیەک لەوردە سیستەم هەیە وەک سیستەمی حزبی و سیستەمی گروپی. (ئیستۆن) ئەوانە بە پاژە سیستەمی سیاسی ناو دەنێ. ئەو لەو بڕوایە دایە، سیستەمە سیاسیەکان کراوە و تەکوزن. هیچ سسیستەمێکی سیاسی ناتوانی پابەجێ و بەردەوام بمێنێتەوە مەگەر ئەوەی بتوانی خۆی لەگەڵ هەل و مەرج و کاودانێ کەتێیدا کاردەکات تەبا بکات. (ئیستۆن) کاری سیستەمە سیاسیەکانی بەپێی (دەرئەنجامی دەروونی) و دەرئەنجامی دەرەکی) ڕاڤەکردهوە. دەرئەنجامە ناوەکیەکان، ئەو خواست و پشتیگرییانەیە کە سیستەم لەکۆمەڵگەوە وەری دەگرێ. دەرئەنجامە دەرەکیەکانیش بڕیارو کارکردنەکانی سەر کردە حکومەتییەکانن. (ئالمۆند) پێناسەی (ئیستۆن)ی پێ باشە. بەڵام لەگەڵ بەکاربردنی دەستەواژەی ( دەسەڵاتی ڕەوایانە) دا نیە کە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە سیستەمی سیاسی لە سیستەمەکانیتر وەک دامەزراوەی ئایینی یان کۆمپانیا بازرگاننیەکان کە لەوانەش جۆرێ دەسەڵاتی ڕەوا بەکار دەبرێ بەتەواوی و ڕوون جوێ نابێتەوە. ئالمۆند لەپێناسەی سیستەمی سیاسی گوتوویەتی: ( لەو سیستەمەی کە کردارو پەرچەکراری کۆمەڵگە یەکی سەر بۆخۆ کە لەڕێگای بەکارگرتن یان هەرەشە بە سوود وەرگرتن لەناچار کردنی ڕەوایی خەڵک).

## دەروون دونیا

### خۆزگە حکومەتی هەرێم یەکی نەگرتایە

ئەرێ زحمەت نەبێ براگیان کەی مووچەی خانەنشینەکامان دیت، ئەوە چەند مانگە ءیمە هەردێین و دەچین هیچ دیارنییە. دادەگیان چەند جار وتمان بێزارمان مەکەن ئیش بەدەستی ئێمە نییە تازە ئەم ناوچەیە قورکر بەسەریا. خوشکی بەڕیز زەحمەت نەبێ مەسەلەی عەقاری و معامەلەکەی من بەچی گەیشت، کاکە گیان جارێ چاوەڕوان بن باسەرۆکی حکومەت بگۆرێ ئینشاڵا بەدڵی خۆمان دەبێ جارێ هیچ نییە مامۆستا گیان بەرێوبەری بەرێز من خۆم مامۆستام و قوتابخانە پاک ئەکەمەوە چاوەکەم شتی وا لەدنیا کهوا هەیە بۆچی کارگوزارێکمان بۆ دانامەزرێنن؟ مامۆستا گیان ئەوە فەرمانی جەنابی وەزیرە دامەزراندن لەسەرۆکەوە ڕاگیراوە جارێ خۆتان پاکی بکەنەوە بزانینی خوا چی ئەکات. کاک (......) تۆ سەرۆکی شارەوانیت خۆت نازانی ئێمە کێین؟ ئەی نازانی دوو کورم ئەنفال کراوە یەکێکی دیکەشم شەهیدە، کوانێ زەویەکەم بۆچی خەڵک هەیە منالی لەبار چووە کردوتانە بەشەهیدو زەویتان پێداوەو بۆ ءیمەش ئەلێن لەوەجبەی داهاتوو،.... مام حاجی دنیا هەروا بووە، ئەمەشی تیا ئەبێ گوێ مەدە، باحکومەت تەواو جێگیربێت، هەموومان لەخزمەتتان ئەبین. دەک خوا لێتانی بەزیاد نەکات، سەد خۆزگە حکومەت هەر دووان بووایە یەکیان نەگرتایە ئەمە یەکگرتنە بۆ ئێمە بووبە قورو سیازاخ و ڕشایە یەخەمانەوە... ئەوانە نموونەیەکی زۆر بچوک و کەمی نارەزایی سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکن، هەموویان ڕاستییەکی سەلمێنراون و پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات، ئەوانە هەندێ قسەی بریقەدارو چەواشەکەر نین، یان قسەی نووسەرێکی دڵ گەرم نین، ئەوانە ڕاستی گەلێکن کە بەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەڵێن هەتا حزبی بەعس لەبرەودا بوو خەڵکی ئەنفال و کیمیاباران ئەکرد، هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە لەگەڵ ئێوە ببون بە پاڵپشت و پەنای ئەم نیشتمانە، ئازادییا لەقەرەوڵی تفەنگەکانەوە دەبینی. ئەوکاتە ئێوە مەمنونی پیرێژنێک بوون هەندێ نانە ڕەق و قومێ دۆتان بداتێ کە ئەوە بۆخۆی مایەی شەرەف سەربەرزی مرۆڤی شۆرشگێرە، نازانم بۆچی ئێستا واتان لێ هات، بۆچی ئاورێکی وەفا لەو خەڵکە نادەنەوە؟ جەنابی بەرپرسی حکومەت، تەنها وورە بوونەوەیەک لەتەمەنی خۆت و ئەو سەروەت و سامانە بکە کە هەتەو بەراوردیان بکە، بزانە لەوەتەی خوا تۆی هێناوەتە دنیاوە تائێستا، ئەگەر باشترین ڕۆژانەش بۆخخۆت دابنێی هێشتا چەند ملیارت لێ زیادە... بەریشی کێ ڕەوایە ئەو بودجەیە کەبەناوی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمەوە لەبەغدا ڕووخاوەکەی بەعس وەردەگیرێت بچێتە گیرفان و بانکەکانەوە و خەڵکیش ڕۆژانە لەهەڵپەی نان و نەوت و کارەبادا بن. ئەی ئەگەر ئێستا ئەم دەسەڵاتە بەکار نەهێنی و پاداشتی ئەو میللەتە نەدەنەوە کەی ئەیکەن؟ ئەی باشە خۆ لەزووەوە دەڵێن کەرکوک هین و هینی کوردستانە ئەی کوا خوێنی ئەو هەزاران شەهیدە؟ کردتان بەچڵکاو و سیاناوی ناو کەرکوک، ئەی ناترسن لەو هێزەی کەدەیان دەڵاتدارو زۆرداری ڕیشەکێس کرد سەری گەرم بێتەوە بەرامبەر بەئێوەش ڕاپەرن؟؟؟؟